# درکە لەشیعرەکانی پیرەمێرد و ئەحمەدی کۆر دا

## لێکۆڵینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لەنامەیەکی دکتۆرا کە ئێستا لەسەروبەندی تەواوکردندایە بەناونیشانی

## (رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا بەنموونەی شیعرەکانی پیرەمێرد و ئەحمەدی کۆر )

**د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**
**پروفیسوری یاریدەدەر**
کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین
إقليم كردستان العراق

**جیهان عەبدولوەهاب ئەحمەد**
**مامۆستا هاریکار**
کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین
إقليم كردستان العراق

**پوختە**

یەکێ لەو بابەتانەی لەزووەوە مرۆڤ سوودی لێوەرگرتووە هونەری گەیاندنی پەیامە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمە لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری لەیەکجیا: سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی...هتد. بەرهەمهێنراو، بەتێپەڕبوونی رۆژگار، تا ئەمڕۆ گەنجینەیەکی گەورەی لەهونەرێك دروست کردووە، ئینگلیز پێی دەڵێن (ئیدیۆم)، عەرەب پێی دەڵێن (کینایە) و کوردیش پێی دەڵێن (درکە).

(ئەحمەدی کۆر) شاعیرێکی کلاسیکە لەئەدەبی کوردیدا.

(پیرەمێرد) شاعیرێکی کلاسیکی نوێیە لەئەدەبی کوردیدا.

هەردووکیان لەشیعرەکانیاندا سوودیان لەم هونەرە وەرگرتووە، لەگەڵێك وێنەی جۆراوجۆری ئەم هونەرەدا مەبەستەکانی خۆیان گەیاندووە.

**وشە کلیلەکان:** درکە. سیفەت.. مەوسوف.. هاوگری

### 1. پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە کەناونیشانەکەی (درکە لەشیعرەکانی پیرەمێرد و ئەحمەدی کۆر)ە، گرنگییەکەی لەوەدایە بۆ یەکەم جارە لەشیعری دوو شاعیری، یەکەمیان: کلاسیکی کە (ئەحمەدی کۆر)ە، دووەمیان: نیو کلاسیك کە (پیرەمێرد)ە، دەکۆڵێتەوە.

بەراوردێك لەنێوان وێنە درکەییەکانی هەردوو لایان دەکات، ئاراستەی گۆڕانی هونەرەکان لەکلاسیکەوە بۆ کلاسیکی نوێ بەدیار دەخات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە رێبازەکەی (وەسفی- شیکاری)یە، تیشك دەخاتە سەر حاڵەتی بەرهەم هێنانی وێنەی درکە، ئەوەش شیدەکاتەوە کەئەم وێنانە چۆن بەرهەم هێنراون.

هەموو ئەمەش لەخانەی هونەری رونبێژی بەپێی یاساکانی زانستی رەوانبێژی ئەنجام دەدات.

پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە پێکدێ لەمانەی خوارەوە:

(پوختە) و (پێشەکی) و (چوار تەوەر) و (ئەنجام) و (لیستی سەرچاوەکان).

تەوەری یەکەم: درکە لەرووی وشەییەوە، درکە لەرووی زاراوەییەوە تەرخان کراوە. هەرچی تەوەری سێیەمە بۆ بنەڕەت و بەشەکانی درکە تەرخانکراوە.

تەوەری چوارەمیش هەندێ جۆری دیکەی درکە لەخۆ دەگرێ. تەوەری پێنجەمیش بریتییە لە: درکە لە (ناو) و درکە لە (رستە)دا. رێژەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە لای هەردوو شاعیر دیارخراوە.

گرنگترین ئەنجامەکان لەچوار خاڵا خراونەتەڕوو، لیستی سەرچاوەکان، سەرچاوە بەکارهێنراوەکان بەدوای یەکدا ریزکراون.

### 2. تەوەرەی یەکەم

### 1.2 درکە (کینایە)

لەرووی وشەییەوە: (کنی) لە (کۆنیە)ی گوزارشت دەکات، دەگوترێ: فلانە کەس کۆنیەی بۆ دانراوە، واتە: (باوکی فلان).

کینایەتی دەکات لەشوێنی فلانە شت واتا: بەکارهێنانی وشەیێکە لەشوێنی وشەیێکی دیکە، لەرێی ئەوەوە ئەویتر دەزانرێت. (المخزومي- السامرائي:1410: 411).

درکە لەرووی وشەییەوە، سێ جۆرە:

المجلة الاكاديمية لجامعة نوروز, المجلد 8, العدد 2 (2019)
ورقة بحث منتظمة نشرت في 2019/6/1
البريد الالكتروني للباحث : idris.abdullah@gmail. com
حقوق الطبع والنشر © 2017 أسماء المؤلفين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0

doi : 10. 25007/ajnu. v8n2a375

- **یەکێکیان:** ئەوەیە کاتێ درکە بەکاردەهێنیی بۆ ئەوەیە کەوشەیێکی جوان لەشوێنی وشە ناشیرینەکە بەکاربهێنی، کەپێت ناخۆشە بەکاردەهێنی.
- **دووەمیان:** ئەوەیە کونیەیەك دەڵێیەوە لەشوێنی ناوی پیاوێك، وەك ڕێزگرتنێك بۆ ئەو. پێی دەڵێی (باوکی فلان) لەشوێنی ناوەکەی.
- **سێیەمیان:** ئەوەیە کەکونیەکەی دەبێتە شوێنگری ناوەکەی، کەسێك پێی دەناسرێت، وەك چۆن بەناوەکەی دەناسرێت. وەك (أبو لهب) کەناوەکەی (عبدالعزی)ە، بەڵام بەکونیەکەی ناسراوە، (خوای گەورە)ش، ئەو کونیەیەی وەکو ناو بۆ ئەو بەکارهێناوە. (جوهری) دەڵێت (الکنیە) تاکە، (الکنی) جەمعەکەیە. وە (الکنیە) بەواتای ئەوەیە کەسێك کونیەیێکی بۆ خۆی دائەنێت.( منظور:2003 : 749).

## 2.2 درکە لەرووی زاراوەییەوە

پێناسە: لەرووی زاراوەییەوە: درکە یەکێکە لەهونەرەکانی رونبێژی، پێناسەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام هەموویان لەیەکتر نزیکن.. بۆ نموونە: درکە ئەوەیە شتێك بۆ واتای دروستی خۆی بەکار نەهاتووە، بەڵکو مەبەستی دیکەی لەپشتە.

(عەبدولقاهر جورجانی) باس لەوە دەکات، کەلە (درکە)دا دوو شێوەی واتا هەن، ئەوانیش (واتا) و (واتای واتا)، کەمەبەستیش لەواتای یەکەم ئەوەیە کەمرۆڤ لەرێی وشەوە دەگاتێ و بەبێ یارمەتی، بەڵام واتای دووەم ئەوەیە کە مرۆڤ لەرێی واتای وشەوە بگاتە واتایەکی دیکە. (الجرجانی:1988: 263). واتە درکە ئەو دەربڕینانەن کە لەپاڵ واتای فەرهەنگی، واتایەکی دیکەی هەیە، کەواتا درکەییەکەیە، کەمەبەست واتای دووەمە.

(عەزیز گەردی) دوو پێناسەی بۆ هونەری درکە کردووە و گوتوویەتی: ((درکە ئەوەیە کەراستەوراست ناوی شتێك نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کەپەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت، بۆ ئەوەی پیاو لەمانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێیا بۆ کراوەکە بچێ، یاخود درکە ئەوەیە وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك بێنی کەواتایەکی دروستی خۆی هەبێ، هەر لەو کاتەدا لەرستەکە مانایەکی تر بدات بەدەستەوە وەمەبەست ئەم مانابیەی بەم دواییەدا بێت، چونکە هیچ نیشانەیەك نییە بەرهەڵستی ئەوە بکات کەمانا نەژادییەکەت مەبەست بێت)).( گەردی:1972: 88).

یاخود درکە (ئەوەیە کەمرۆڤ قسە لەسەر شتێك دەکات، مەبەست لێی شتێکی دیکەیە) (هلال:2003: 12)، هەروەها بڕوانە (العزاوی: 2016: 211).

واتە مەبەست لەدرکە ئەوەیە دەربڕینێك دوو واتای هەبێ، واتایێکی ئاشکرا، واتایێکی شاراوە.

لەپێناسەیەکی دیکەدا درکە ((بەواتای داپۆشین دێت)).( رنجبر:1385: 74).

لەبارەی درکەوە (کەزازی) دەڵێ: ((درکە شاردنەوەی ئاشکرایەتییە لەقسەکردندا، چونکە لەجیاتی ئەوەی قسەکەر یاخود شاعیر خەیاڵی خۆی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەقسەکانیدا بگونجێنێت و بەئاشکرایی دەریببڕێتەوە، دێت لەدرکەدا حەشاردەدات و بەشێوەیەکی نادیار و داپۆشراو لەقسەکانیدا دەیهێنێتەوە)).( کزازی: 1389: 156).

کەواتێ مەبەست لەدرکە واتای رواڵەتی و یەکسەر نییە، بەڵکو مەبەستی لێی واتا داپۆشراوەکەیە.

یاخود درکە (وازهێنانە لەراشکاوی و پەنابردنە بۆ شاردنەوە و بەسەردانان و پاراستن) (غره:2015-2016: 145).

واتە درکە ئەو دەربڕینانەن کەلەوشەیەك یان چەند وشەیەك پێکدێ، واتایەك لەئاستی سەرەوەی وشەکانە و دەتوانین بەئاسانی تێبگەین، واتایەکی دیکە لەئاستی ژێرەوەی وشەکانە، کەووردبوونەوەی دەوێ و ناتوانین بەئاسانی بگەینە واتای مەبەست، چونکە لەواتای ئاسایی دوور دەکەوێتەوە و یاساکانی زمان تێکدەشکێنێ. هزر و بیری قوڵتری دەوێ تاکو بگەینە واتای مەبەست، بەڵام هیچ نیشانەیەك نییە، کەواتا درکاوەکە مەبەست بێت..

بۆ نموونە:

چی بەراست مەردی رەهەبا، جیفەی دونیا چکار
گەر بە ظاهیر مەیل بکا، بۆ صەرفی مسکێن و هەژار
باطنی خوێنی جگەر خۆر بێ دەروون پڕ دەردو ژار
جایی مینەت بێ یڵێ ئەز عاشقم لەرویی یار
وەرنە چی حوبی دونیایی بێ دەرحەقیقەت ئەو ئەویەئوس

(دیوانی ئەحمەدی کۆر، ل207)

(حوبی دونیا) واتە: خۆپەرستی لەدونیا ویستیدا، درکەیە.

بۆ نموونە لەو دەربڕینەی لەناو خەڵکدا هەیە:

(دەرگای ئەو ماڵە هەمیشە کراوەیە) مەبەست ئەوەیە (ئەو ماڵە ماڵێکی بەخشندە و مەرد و سەخییە، ئەمە واتا درکەییەکەیە).

## 3. تەوەری دووەم

## 1.3 بنەڕەت و بەشەکانی درکە

- بنەڕەتەکانی درکە: درکە دوو بنەڕەتی سەرەکی هەیە:
  - دەربڕینی درکاو: ئەو دەربڕینانەن کەواتایەکیان ئاشکرا و دروستە و واتایەکی دیکەیان نادیار و درکاوە.
  - واتای درکاو: ئەو واتایەیە کەمەبەستە و واتا درکاوەکەی دروستکردووە، کەواتایەکی نائاشکرا و شاراوەیە.
- **بەشەکانی درکە**

زۆربەی رەوانبێژان و لێکۆڵەران پێیان وایە کەدرکە سێ بەشە. بەشەکانیش بریتین لە:

  - درکە لەسیفەت (الکنایە عن الصفە).
  - درکە لەمەوسوف (الکنایە عن الموصوف).
  - درکە لەهاوگری (الکنایە عن النسبە) (عەزیز گەردی، ل90-93).

doi : 10. 25007/ajnu. v8n2a375

- **سێ بەشەکانی درکە**

- درکە لەسیفەت (الکنایە عن الصفە)**:** درکە لەسیفەت ((ئەوەیە لەناو ئاخاوتندا سیفەتێك یان چەند سیفەتێك باس بکەی، کەهەمان سیفەتی وەسفکراوی دیاریکراوبن، وەمەبەست لەباسکردنی ئەو سیفەتانە ئاماژەیە بۆ وەسفکراو)).( سید- حسن:2011: 146).

هەر لەبارەی درکە گوتوویانە: ((رستەیێکە یان دەستەواژەیێکە سیفەتێك دەگەیەنێ، کەراستەوخۆ نەگوتراوە، بەڵکو لەرستەکەوە هەڵدێنجرێ، جا یان بەهۆیە، یان بەئەنجامە، یان بەلێکچواندنێکی ناڕاستەوخۆیە)) (گەردی: 2002: 69) واتە سیفەتەکە راستەوخۆ باس ناکرێت.

بۆ نموونە:

ئاو و خوێنم دێ لەچاوان ئاگرم کەوتە هەناوان

بێ خەتا کەوتووم لەداوان هەر لەرۆژی ئەوەڵین

(ئەحمەدی کۆر، لا240)

درکە لەم دێرەدا لە (ئاگرم کەوتە هەناوان) دایە، کەئەمە مەبەست لێی ئەوەیە غەم و ئازارێکی زۆر وەکو ئاگر لەناوەوە دەمسوتێنێت.

دەربڕینی درکاو (ئاگر کەوتە هەناوم)

واتای درکاو: خەم و ئازارێکی زۆر کەوتۆتە ناو هەناوم، واتە من زۆر غەمبارم، (ئاگر کەوتە هەناوم) ئەگەر ئاگر بکەوێتە هەر شوێنێك دەیسوتێنێ، چونکە واتای یەکەم (کەئاگر کەوتە هەناوم) بۆ واتای دووەمان دەبات، کەبریتییە لەوەی خەم و ئازارێکی زۆر کەوتۆتە ناو دڵم، چونکە عەقڵ قبوڵ ناکات ئاگر بکەوێتە ناو دڵم، مادام قسەکەر خۆی قسە بکات لەباری گشتیدا ئاساییە مرۆڤ بسوتێ و دڵ و هەناویش بسوتێ، دەشێ بەڵام سیاقی دەربڕینەکەی تێیان دەگەیەنێ کەئەم ئاگرە ئاگری راستەقینە نییە، درکەیە ئەویش ئەو هەموو ناڕەحەتییەیە کەدڵی داپۆشیوە واتە بۆتە سیفەتێك لەبۆ موصوفێك کەدڵی قسەکەرە بەمەش درکە (لەسیفەت) دروست بووە.

گوڵ کەکەوتە دەست خراپ و چاکێ

بۆنی نامێنێ ئیتر ئەڕاکێ

(پیرەمێرد، لا643)

لەمانای یەکەمدا (گوڵ) ئەگەر لەبەر دەستی خەڵکی بێت، ئەوەندە بۆن دەکرێ بۆنی نامێنێ، لەمانای دووەمیشدا واتە هەر شتێك کەکەوتە دەست خەڵك دەستی دەستی زۆری پێدەکرێ، درکە لەم دێرەدا لەنیوەدێری دووەم دروست دەبێ (بۆنی نامێنێ ئیتر ئەڕاکێ) کەئەمە وەسفکراوەکەیە" کە (گوڵ)ە، مەبەست لێی بەخراپ بەکارهێنانی (گوڵ)ەکەیە، چونکە هەر شتێك بەزیاد بەکاربهێنرێ، یان بەخراپ بەکاربهێنرێ دەفەوتێت.

لەمەشدا لەمانای یەکەمەوە کەنەمانی بۆنە و ڕاکانە دەگەینە مانای دووەم کە (فەوتان)ە، لەبەر ئەوەش بەدرکەی دەڵێن (مانای ماناکان).

دەربڕینی درکاو: (بۆنی نامێنێ ئیتر ئەڕاکێ).

واتای درکاو: هەر شتێك زۆر بەزیاد و خراپ بەکارهێنرا دەفەوتێ، ئەوەش سیفەتی شتەکەیە کە (گوڵ) بێ یان هەر شتێکی دیکە بێ.

- **درکە لەمەوسوف (الکنایە عن الموصوف):** لەم جۆرەدا ((قسەکردن لەسەر وەسفکراو نییە، وەسفکراو دەشێ خود یان مانا بێت، کەسێك یان مانایەك بێت لەماناکان)( زید: 2014: 74).

لێرەدا دەربڕینی درکاو سیفەتە، واتە (وەسف یان سیفەتێك دەردەبڕێت، مەبەست خودی (ناو)، یان موصوفەکەیە))( قاسمی: 1388: 492)، هەروەها بڕوانە: (گەردی:2013: 230)

بۆ نموونە:

کەی دەبێ ئەم پادشا هی (لم یزل)

تێر ببینم رۆیی بێ نەقص و خەلەل

(ئەحمەدی کۆر، لا222)

لەم دێرەدا پاشای (لم یزل) درکەکەی دروست کردووە.

دەربڕینی درکاو: (پاشای لم یزل).

واتای درکاو: (خودای گەورە و خوڵقێنەرە)، وەکو ئاماژەمان بۆ کرد درکەکە لە(پاشای لم یزل) دایە، بەواتای ئەو خودایەی کەسەرەتای نییە و کۆتایشی نییە و هەموو دەسەڵاتەکانیش هی خۆیەتی، کەواتە هەر خۆی پاشایە و هەر خۆی هەمیشەییە، (لم یزل)ی واتە هەمیشەیی بووەتە وەسف بۆ خاوەنەکەی کە (خودای گەورە)یە، بەوەش (درکە لەمەوسوف) دروست بووە.

لەو ناری پر تابیش ودود ئەی ساحەبی إحسان وجود

بەخشی تۆ عەبدی بێ وجود، با ناڵەیی صەدری عوشاق

(ئەحمەدی کۆر: لا218)

لێرەدا درکە لە(صاحبی احسان وجود) دایە، واتە ئەو زاتەی خاوەنی تەواوی چاکەکان و تەواوی بەخشینەکانە، ئەوەی خاوەن ئەو سیفەتە بەرزو باڵایانە بێ، بێگومان خودای میهرەبانە، بەم سیفەتانە دەگەینە مانای دووەم کە خاوەنی سیفەتەکانە، ئەویش خودای گەورەیە، بۆیە ئەمە (درکەیە لە مەوسوف) یان وەسفکراو.

دەربڕینی درکاو: ساحبی احسان وجود

واتای درکاو: خودای گەورەو میهرەبانە

دەلاك بانگی كرد خاوەن بارەدار

وەرە لێت بكرم مەیبەرە بازاڕ

(پیرەمێرد:لا429)

لێرەدا مەبەست لە(خاوەن بارەدار) ئەو كەسەیە كە بارەدارەكەی پێیە، ئەویش ناوێكی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی كابرای (دەلاك) ناوی دروستی ئەو خاوەنداره نازانی بۆیە بەوەسفێك بانگی دەكات كەجێی ناوەكەی بگرێتەوە، یەكسەر ئامانجەكە بەئاكام دەگات و پەیوەندی لەنێوان قسەكەرو قسەبۆكراو دروست دەبێ.

(خاوەن بارەدار) واتای یەكەمە، (ناوی ئەو خاوەن بارەدارە)، واتای دووەمە كە كەسەكەیە لەواتای یەكەم بەئاشكرا دەگەینە واتای دووەم، گفتوگۆیەكەی نێوان هەردوولایەن پەیوەندی دروست دەبێت.

- **دركە لەهاوگری (الكنايه عن النسبه):** ((ئەمەش وائەبێ كەسیفەتێك یا كۆمەڵە سیفەتێك بدەیتە كەسێكەوە یا شتێكە، بەڵام وانەبێ راستەوخۆ ناوی كەسەكە یا شتەكە بێنێ كەسیفەتەكانی ئەدەیتێ، بەڵكو هەموو سیفەتەكان ئەدەینە پاڵ شتێك كەئەو شتە تایبەتی بێ)) (گەردی: 1972: 93).

نموونە:

من و تۆ رشتەی مەینەت لەملبووین

نەشیدەخوانی غونچەی یەك گوڵبووین

(دیوانی پیرەمێرد، لا487)

(من و تۆ رشتەی مەینەت لەملبووین)، ئەو رستەیە دركەكەی دروست كردووە، واتە مەینەت باری دڵ و دەروونی ئێمەی داپۆشیبوو، هۆكاری دروستبوونی ئەو مەینەتبارییەش دەشێ هەر بەلا و ناخۆشییەك بێ وەكو ملوانكە كەوتبێتە ملیان، بەمەش لێكچون لەنێوان (ملوانكە) كە كە ئاسایی مرۆڤ لەملی دەكات، لەگەڵ ناخۆشی و بەلایەكان كەمەینەتیان دروست كردووە و كردیانە ملوانكە، ملوانكە لەچەند مورییەك پێكدێ بێگومان رشتەی مەینەتیش لەچەند خەم و ناخۆشییەك دروست دەبێ، لەبەرئەوە ملوانكەكە لەملوانكەی مورووە وەرگیراوە بۆ ملوانكەی بەلا و ناخۆشی، لەمەشدا دركەیەك لەهاوگری دروستبووە.

كەلێرەدا، دەربڕینی دركاو: (من و تۆ رشتەی مەینەت لەملبووین).

واتای دركاو: واتە بەغەم و ناخۆشی بەلای لەیەكجیا ملوانكەیەك بۆ ملی من دروست بوو، وەسەر سینگی منیان داپۆشی.

## 4. تەوەری سێیەم

### 1.4 هەندێ جۆری دیكەی دركە

- **یەكەم: دركەی مەعقول و دركەی نامەعقول**

دركە بەشێوەیەكی گشتی دوو جۆری هەیە، جۆرێكی دركەی مەعقولە و لەگەڵ عەقڵ دەگونجێ، جۆرەكەی تر دركەی نامەعقول، وەكو لەناوەكەیدا دیارە كەئەم جۆرە لەگەڵ عەقڵ ناگونجێت. هەردوو جۆرەكەش لەخوارەوە زیاتر روون دەكەینەوە:

أ- دركەی مەعقول: ((ئەو دركەیە، كەدەربڕینی دركاوی مەعقولە و بەڕێنگەیێك بەستراوەتەوە ئەویش مەعقولە و عەقل پەسەندی دەكات، چونكە وێنەیێكە بەبارێكی ئاسایی بەستراوەتەوە وەدیهاتنی نزیكە)) (مستەفا: 2011: 215).

بۆ نموونە:

رۆژی حەق فەرمووی (الست)

لەوساوە تا رۆژی حیساب

كەس نەبوو بۆ تۆ نەبێت كۆی زوخالی و دڵكەباب

(ئەحمەدی كۆر، لا230)

لێرەدا: دەربڕینی دركاو (حەق)

واتای دركاو (خاوەنی حەقە)، كە (الله)یە خالق و خودای هەمووان بەكارهێنانی ناوی حەق بۆ (الله) سیفەتێكی گشتییە مەعقولە، چونكە (الله) هەر دەبێ حەق بێ كەئایین وا دەفەرموێ (خودا حەقە)، عەقڵ یەكسەر قبوڵ دەكات، كە (خودا حەقە) سیفەتێكی زۆر تەواو و دروست خودایە، چونكە پێچەوانەكەی شیاوی خودا نییە.

هەتاوی بەهار بەردی گەرمكرد

كاتێكت زانی وتیان فلان مرد

(پیرەمێرد، لا205)

دەربڕینی دركاو: هەتاوی بەهار بەردی گەرمكرد.

واتای دركاو: واتە زستان هیچ شوێنەوارێكی نەما، بەهاریش چووە پێش، ئەم دركەیە عەقڵ قبوڵی دەكات، چونكە ئاساییە كەبەهار دەچێتە پێش گەلێك جار رۆژ بەهێز دەبێ و دار و بەرد و مرۆڤەكان گەرم دەكات.

ب- دركەی نامەعقول: ((ئەو دركەیەیە، كەدەربڕینی دركاوی دەشێ مەعقول بێ، بەڵام بەڕێنگەیێك بەستراوەتەوە ئەو مەعقول نییە، عەقڵ پەسەندی ناكات، چونكە دەربڕینە دركاوەكە وێنەیێكە بەبارێكی ئاسایی نەبەستراوەتەوە و وەدیهاتنی دوورە، هۆی ئەم جۆرە دركەیەش موبالەغەی زۆرە، كەوێنەكە لەباری ئاسایی وەدیهاتنی خۆی دوور دەخاتەوە)) (مستەفا: 2011: 215).

بۆ نموونە:

من حەرقی عیشقی یارم من ئەسیر و غەم گوسارم

بێ تەرەحوم صەعبە كارم، جەرگ و دڵ لەورا حەریق

(ئەحمەدی كۆر، لا216)

لەم دێرەدا دەربڕینی دركاو (جەرگ و دڵ سوتاو).

doi : 10. 25007/ajnu. v8n2a375

واتای درکاو (ژانی ئازاری زۆرم پێگەیشت)، چونکە ئازار و بێ رەحمییەکەی یارم وەکو ئاگرێکن بەربونەتە جەرگ و هەناوم، ئەم درکەیە درکەیەکی گشتییە مەعقولیش نییە، چونکە (جەرگ و دڵ) قەت ناسوتێ، هەموو کەس دەزانێ ئەمە دەربڕینی ئەدەبییە و درکەیە.

بۆ ئیش پێڵاوت لەسەر چاوانە

کەئیشیان نەما ئێسکت گرانە

(پیرەمێرد، لا527)

دەربڕینی دەرکاو (پێڵاوت لەسەر چاوانە)، واتای درکاو بریتییە لە زیاد لەپێویست ریزت دەگرن و پێیدا هەڵدەدەن، ئەمە ئەو کاتەی هەتا ئیشیان پێتە دانانی پێڵاو لەسەر چاوانە خۆ زەریف کردنێکی زۆرە، مەعقول نییە، ناچێتە عەقڵەوە، یەکێك ئەگەر ئیشی بەیەکێك بێت پێڵاوەکانی لەسەر چاوی دابنێ، ئەمە خۆشکاندنێکی زۆر و موبالەغەی زۆرە، لەزەلیلی مەگەر یەکێك لەبەرژەوەندییەکان بۆ پاشایەکی دەسەڵاتدار وەها خۆی زەلیل بکات، دەنا گەورەیەك بۆ بچوکەکەی خۆی وەکو لێرەدا دەردەکەوێ، گەورەبێ پێڵاوی بچووکەکەی بخاتە سەر چاوی خۆی تا ئیشی خۆی پێ دەکات، شتێکی مەحاڵە عەقڵ قبول ناکات، چونکە قەد گەورە وەها خۆی پیشان نادات، بەڵام موبالەغە و زێدەڕۆیی لەهەستی شاعیرانە، ئەم درکەی بۆ ئێرە بەکارهێناوە.

- **درکەی گشتی و درکەی تایبەتی**

أ- درکەی گشتی: ((ئەو درکەیەیە کەبەتێپەڕبوونی رۆژگار نەتەوە بەرهەمی هێناوە، هەموو تاکێکی نەتەوە بەکاریدێنێ، بەبێ ئەوەی جێ پەنجەی کەسی بەسەرەوە بێ و بەبێ ئەوەی شتێکی تازەی تیابێ)( مستەفا:2011: 216))، واتە موڵکی خەڵکە و لەناو خەڵکدا سەریهەڵداوە، خاوەنی دیار نییە.

بۆ نموونە:

ئاگرم بەربوە لەدڵ، سوتام لەبۆت سەر تا قەدەم

بومە (ماکان) ئەز، وجود کەوتم لەمەیدانی عەدەم

(دیوانی ئەحمەدی کۆر، لا234)

(ئاگرم بەربووە لەدڵ وەسووتام لەبۆت) هەردووکیان دەربڕینی درکاون، هەردووکیان گشتینە، چونکە عامەی خەڵکی وەها قسە دەکەن.

واتای درکاوی هەردووکیان (غەم و خەفەتم زۆرە لەبەر دووریت).

سینگت تەنافی خێوەتی دنیا

هەڵکێشراو خێوەت بەجارێ رمیا

(دیوانی پیرەمێرد، لا428)

(خێوت) درکەیە، مەبەست لێی (ئاسمان)ە، ئەم درکەیە درکەیەکی گشتییە، چونکە هەموو ئەدەبیاتی کوردی و میللەتان باس لەوە دەکەن ئاسمان (سایە و خێوەتی دونیا)یە، شاعیر وەریگرتووە بۆ شیعرەکەی خۆی بەهەمان واتای سوودی لێوەرگرتووە.

ب- درکەی تایبەتی: ((ئەو درکەیەیە، کەلەباری تایبەتی شاعیر، یان کەسی داهێنەر بەرهەمی دێنێ، هەموو تاکێکی نەتەوە بەکاری ناهێنێ و تەنیا لەدەقە ئەدەبییە داهێنراوەکاندا بەدی دەکەین، خاوەنی دیارە و تایبەتە لەسنوورێکی بەرتەسکی ئەدەبیاتدا بەکاردەهێنرێت، نوێیە و جوانیەکی تایبەتی تێدایە)) (مستەفا: 2011 : 217) واتە ئەم جۆرە درکەیە موڵکی تاکەکەسیە و شاعیر و نوسەری گەورە دایهێناوە، بەرهەمی هزر و بیری داهێنەرانەی شاعیران و نووسەرانن.

بۆ نموونە:

شەربەتی شۆربی قولوبان، من فیدای تۆ شاهی خۆبان

ئەز لەبەر وان، بێ عویوبان (مالی في الأرض مکان)

(دیوانی ئەحمەدی کۆر، لا233)

درکە لە (شەربەتی شۆربی قولوبان) دایە، واتە ئەوەی ئەو کەسەی بەو سیفەتە دەناسرێتەوە کە (خۆی و وەسفی و ناوهێنانی) وەکو شەربەتێ بۆ دڵەکان، ئەمانە هەموو باس لەموسوفێك دەکەن، کە پێغەمبەری خودایە (د.خ).

دەربڕینی درکاو: (شەربەتی شۆربی قلوبان)ە.

واتای درکاو: (پێغەمبەری خودایە (د.خ).

ئەم دەربڕینە درکاوە لەداهێنراوی ئەدەبیدایە، تایبەتە، زۆرینەی خەڵکی نازانێ وەها قسە بکات، بەڵام شاعیران داهێنان دەکەن، دەتوانن بەو شێوەیە کەتایبەترە لەقسەی خەڵکی وەسفی خۆشەویستی خۆیان بکەن.

تیری دوعا، کەکورتی ئەکرد، ئێستە سەر دەکا

مەیدانی کورد کەکورتبوو، بووە دەشتی رەی بەبەر

(دیوانی پیرەمێرد، لا137-138)

دەربڕینی درکاو (تیری دوعا کورتی کرد).

واتای درکاو (دوعاکان لەبەر هەر گوناهـ و هۆیەك بێ قبوڵ نەدەبوون).

دەربڕینی درکاو لێرەدا (تیری دوعا کورتی کرد)، وێنەیەکی ئەدەبی جوان و تایبەتە، شاعیر دروستی کردووە، ئەگینا عامەی خەڵکی وەها قسەی ناکات، هەمووی دەڵێ (دوعاکەم قبوڵ نابێ یانیش دەڵێ دوعاکەم ناگاتە جێی خۆی)، بەڵام کەس بەم وێنە ئەدەبییە ناڵێ (تیری دوعا کورتی کرد).

## 5. تەوەری چوارەم

### 1.5 درکە لە (ناو) و درکە لە (ڕستە)دا

- درکە لەرووی بنیاتی زمانییەوە: لەم رووەوە درکە دوو جۆرە: یان لەوشەیەك و گرێیەکی تاك دروست بووە، کەدەشێ ناوێکی سادەبێ، یان ناوێکی لێکدراو بێ، یان گرێیەك بێ.

هەروەها دەشێ پێکهاتەی زمانی درکەکە رستەیەك بێ خاوەنی بکەر و فرمانی تایبەتی خۆی بێ.

doi : 10. 25007/ajnu. v8n2a375

هەردوو ئەمانە ئەقڵ دەڵێ بۆ واتای دروستی خۆیان نەهاتوون، بەڵکو بۆ گوزارشتکردن لەواتایەکی دیکەی مەبەست هاتوون، کەقسەکەر لەبەر زیاتر لەمەبەستێك بەواتا ئاشکراکە قسەی نەکردووە، بەڵکو بەواتا درکەییەکە کەگوزارشتی لەپەیام و هزری خۆی کردووە.

- درکەی ناوی: لێرەدا درکەکە لەناوێك دروست دەبێ، جا ناوی بنجی بێ یان نازناو بێ.( الخویسکی- المصري:2006: 104).

بۆ نموونە: (باوکی ئازاد) درکەیە لەکەسێك کەبۆ خۆی ناوێکی تایبەتی هەیە، بەڵام بەناوی کوڕەکەی ناونراوە.

واتە لێرەدا درکەکە نەچوویتە سنووری رستە، هەر لەتاکە ناوێك دروستبووە.

بۆ نموونە:

(یا عظیم الخلق) بەعیشقی، ئەو قەدیمەی بێ نەظیر
گوفتەکارم، شیبهی سەگ بەردەرگەهت، عصیان کثیر

(دیوانی ئەحمەدی کۆر، ل181)

(عظیم الخلق) واتە (ئەی رەوشت بەرز)، درکەیە لە (رسول الله) (د.خ) ناوی تاکە.

جگە لەوە ئەو بابی هەژار بوو
چاکە و کەرەمی هەزار هەزار بوو

(دیوانی پیرەمێرد، ل 430)

(بابی هەژار) ناوێکی لێکدراوە، مەبەست لێی کەسێکی ئەوەندە دڵ باش و یارمەتیدەری خەڵکی هەژار و نەدار بوو، نەك لەراستەقینەدا بابی هەموو هەژارەکانی کوردستان بووبێ.

کەواتە: درکە لەناودا پەیوەندی نێوان وشە درکاوەکە و واتاکەی هیچ پەیوەندییەکی خوازەیی نییە، بەڵکو ناوێکی تریش بۆ دروست دەبێ.

لەدرەنگدا هەندێك لەرەوانبێژان ناویان لەو جۆرە درکەیە ناوە (خوازە بەپەیوەندی بەدەلی)، چونکە وشەیەك لەجیاتی وشەیەکی دیکە بەکاردێ، هەمان ماناش دەدات. بەڵام درکەکە بەقووەترە لەپەیوەندی بەدەلی.

- **درکە لەرستەدا:**

لێرەدا درکەکە لەسنووری رستەدا دروست دەبێ، واتە رستەکە بەوشەکانی، مانایەك دەگەیەنێ، بەڵام لەودیوی وشەکانی مانایەکی دیکەی درکەی دەگەیەنێ بڕوانە (الخویسکی-المصري:105)، وەکو: (چەم بێ چەقەڵ نابێ) ئەمە رستەیە، بەڵام بەواتای خۆی نەهاتووە، بەڵکو بۆ واتایەکی دیکە هاتووە کەدرکەییە، مەبەستەکە ئەوەیە کۆمەڵگا بەبێ خەڵکی خراپ نابێ.

لەشیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەدا درکەی لەم جۆرە زۆر هاتووە.

بۆ نموونە:

ئاو و خوێنم دێ لەچاوان، ئاگرم کەوتە هەناوان
بێ خەتا کەوتووم لەداوان، هەر لەرۆژی ئەوەلیین

(دیوانی ئەحمەدی کۆر، ل240)

رستەی (ئاو و خوێنم دێ لەچاوان) درکەیە، واتە من زۆر نارەحەت و غەمبارم، ئەگینا بەمانای دروست نەهاتووە (ئاو و خوێن لەچاوان) بێ.

لەرستەی (ئاگرم کەوتە هەناوان) دیسان درکەیە، چونکە مەعقول نییە، ئاگر بکەوێتە ناو هەناوان، بەڵام واتە غەمێکی زۆر کەوتە ناو دڵی دەڵێی ئاگرە دەمسوتێنێ.

هەروەها رستەی (بێ خەتا کەوتووم لەداوان) ئەویش درکەیە، بەو مانایە نەهاتووە کەوەکو باڵندەیەك کەوتبێتە داوی راوچی، بەڵام بەمانای درکەی هاتووە، کەمەبەست ئەوەیە لەو پیلانانەدا کەوتووم کەناحەزەکانم بۆیان دانابووم.

من کەوا بەرزبوومەوە و کەوتم گوناهی کەس نییە
بۆیە ناگریم تێدەکەم خۆکردووە، تەدبیر چییە؟

(دیوانی پیرەمێرد، ل183)

رستەی (بەرزبوومەوە و کەوتم) درکەیە، واتە کاتێك لەژیاندا زۆر شتم بەدەستکەوت و زۆر پلە و پایەم بەرزبووەوە، بەڵام دوایی شکستم هێنا و هاتمەوە سەر سفرەکەی جاران. چونکە ئەمە عەقڵ دەڵێ: ئەم بەرزبوونەوە و کەوتنە، بەرزبوونەوە و کەوتنی وەرزشکردن نییە، بەڵکو هی ژیانە، وەکو ئاماژەمان پێکرد، ئەمەش واتای درکەی رستەکانە.

- **رێژەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە لای پیرەمێرد و ئەحمەدی کۆر**

لەرووی بەکارهێنانی زمانەوە، ئەو زمانەی کەوێنە درکەییەکانی پێ دروست کراوە لای (ئەحمەدی کۆر) پڕترە لەوشەی بێگانە، بەڵام لای (پیرەمێرد) وشەی بێگانە کەمتر بەکارهاتووە.

(ئەحمەدی کۆر) لەکۆی (١٠) دێرە شیعر (٤٧) وشەی بێگانەی بەکارهێناوە.

(پیرەمێرد) لەکۆی (٩) دێرە شیعر (٦) وشەی بێگانەی بەکارهێناوە.

ئەو وشانەی عەرەبین لای (ئەحمەدی کۆر) بریتین: (جیفە، ظاهیر، مەیل، صەرف، مسکین، خەتا، ئەوەلیین، لم یزل، نەقص، خەلەل، نار، ساحب، إحسان، وجود، عەبد، صەدر، حەق، الست، حیساب، حەریق، ئەسیر، تەرەحوم، صەعبە، یا عظیم، الخلق، قەدیم، نەظیر، عصیان، کثیر، قەدەم، ماکان، عەدەم، شۆرب، قولوب، عیوب، (مالي ، في ، الأرض ، مکان).

ئەو وشانەی عەرەبین و لای (پیرەمێرد) بەکارهاتوون بریتین: (دونیا، مەینەت، کەرەم، تەدبیر).

ئەو وشانەی کەفارسین و لەلای ئەحمەدی کۆر بەکارهاتوون بریتین: (رەهەبا، چکار، تابیش، دود، زۆغاڵ، گوسار، گوفتەکارم، خۆبان).

ئەو وشانەی کەفارسین و لەلای پیرەمێرد بەکارهاتوون بریتین: (دەلاك، تەناف).

doi : 10. 25007/ajnu. v8n2a375

## 6. ئەنجام

### 1.6 لەکۆتاییدا چەند ئەنجامێك دروست بوو

1. بەبەراوردێك لەنێوان هەردوو شاعیر (ئەحمەدی کۆر)، (درکە لە مەوسوف) زۆرە، بەڵام لای (پیرەمێرد) بەو رێژەیە نییە.
2. هەردووکیان وەکو یەك درکەی مەعقول و نامەعقول، درکەی گشتی و تایبەتیان هەیە.
3. لەدرکەی (ناو) و (رستە)دا، درکە لەرستەدا زیاترە لەدرکە لە (ناو)دا، لای هەردووکیان.
4. زمانی هەردوو شاعیر لەدروستکردنی وێنە درکەییەکاندا، لێکجیاوازە، (ئەحمەدی کۆر) وشەی بێگانەی زۆرە، لەلای (پیرەمێرد) بەرەو کوردی پەتی رۆیشتووە.

## 2.6سەرچاوەکان


### 1.2.6 کتێب بەزمانی کوردی

1. د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە رەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا (بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011.
2. عەزیز گەردی، رەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۲.
3. عەزیز گەردی، رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم: روونبێژی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا، 1972.
4. عەزیز محەمەد پور، دیوانی شێخ ئەحمەد کۆر، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیام، تهران، 1378.
5. کۆمەلێك نووسەر، سەرجەم دیوانی پیرەمێرد، (بەرگی1، 2، 3)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2010 .
6. موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری رەوانبێژی (واتاناسی- روونبێژی- جوانکاری)، چاپخانەی نارین، هەولێر، ۲۰۱۳.

### 2.2.6 کتێب بەزمانی عەرەبی

7. د. آمال يوسف، د. ماجده زين العابدين، البيان دراسه في المصطلح والدلالة، مكتبة المتنبي, المملكة العربية السعودية، 2011.
8. العلامة ابن منظور، لسان العرب، دار الحديث، الجزء السابع، القاهرة، 1423هـ-2003م.
9. الأمام عبدالقاهر الجرجاني، دلائل الأعجاز في علم المعاني، الطبعة الأولى، تصحيح وتعليق: الشيخ محمد رشيد رضا، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، 1988.
10. دكتور ابراهيم عبدالعزيز زيد- القديم: الدكتور احمد محمد عوين، علم البيان تنظيراً أو تطبيقاً، دار الوفاء للطباعة والنشر، الاسكندرية،2014.
11. دكتور زين كامل الخويسكي- دكتور أحمد محمود المصري، فنون بلاغية، الطبعة الأولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الأسكندرية، 2006.
12. د. محمد هيثم غرة- د. منيره محمد فاعور، البلاغة العربية (البيان والبديع)، منشورات جامعة دمشق، دمشق، 2015-2016.
13. د. احمد هنداوى هلال، الكناية في لسان العرب لابن منظور (دراسة بلاغية تحليلة)، الطبعة الأولى، مكتبة وهبة، قاهرة، 1424هـ-2003م.
14. أ.د. عقيد خالد حمودي العزاوي، البيان في سياق بلاغة النسق القرآني، الطبعة الأولى، دار العصماء، سورية- دمشق، 1437هـ-2016م.
15. لأبي عبدالرحمن الخليل احمد الفراهيدي 100-175هـ، كتاب العين، تحقيق: الدكتور مهدي المخزومي- الدكتور ابراهيم السامرائي، الطبعة الثانية، الجزء الخامس، مؤسسة دار الهجرة، مطبعة الصدر، بدون مكان طبع، 1410هـ.

### 3.2.6 کتێب بەزمانی فارسی

16. دكتر احمد رنجبر، بيان، انتشارات اساطير، چاپ اول، تهران، 1385.
17. رضا قاسمي، معانى وبيان تطبيقي (بررسي تطبيقي شانزده كتاب جديد علم معاني وبيان) ، بامقدمه: مير جلال الدين كزازى، چاپ اول، انتشارات فردوس، تهران، 1388.
18. مير جلال الدين كزازي، بيان (زيبا شناسى سخن پارسى) (۱)،، چاپ نهم، نشر مركز (كتاب ماد) تهران، 1389.